وەزیری داد و کاربەدەستی باڵیۆزخانەی ئەمریکا تاوتوێی هاوکاریی یاسایی و دادوێری دەکەن

ئەمڕۆ چوارشەممە، خالید شوانی وەزیری داد، لەگەڵ هاریس، کاربەدەستی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، تاوتوێی هاوکاریی یاسایی و دادیی نێوان هەردوو وڵاتی کرد.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیکدا کە بە ئاژانسی هەواڵی موتەبع ناردووە، دەڵێت: "خالید شوانی وەزیری داد، لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی کرد لە هاریس، کاربەدەستی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا".

ئاماژەی بەوەشکرد: "لە دیدارەکەدا تاوتوێی پێگاکانی بەهێزکردنی هاوکاریی دووقۆڵی نێوان کەماری عێراق و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بوارەکانی یاسایی و دادوێریدا کرا".